# ١٠ هەڕەشە بۆ سەر هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٤

**د. پەرویز ڕەحیم قادر**، دکتۆرا لە ئاسایشی نەتەوەیی و مامۆستای زانکۆ

ساڵانە ناوەندە ئەکادیمی و توێژینەوەکان لە پاڵ دەزگە هەواڵگری و ئاسایشی و تەنانەت سیاسییەکان بەجیا یان پێکەوە هەوڵ دەدەن، کە دەرفەت و ئەو مەترسی و هەڕەشە کورتخایەن، مامناوەندانەی سەر وڵاتەکەیان لە ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی، دەستنیشان بکەن. لەم چوارچێوەیەدا، هیوادارین ئەم کارە ببێتە نەریتێکی ساڵانەی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و زانکۆکان. هەرچەندە مەرج نییە ئەو مەترسییانە وەکوو خۆی ڕوو بدەن، یاخود هەموو ناوەند و ئەکادیمییەکان کۆک بن لەسەر چەشن و شێوازی ڕوودانی ئەو مەترسی و هەڕەشانە، بەڵام گرنگ و پێویستە کە سەنتەرەکانی توێژینەوەی ئاسایشی و ستراتیژی و تەنانەت ناوەندە ئەکادیمییەکان، بەردەوام بن لە شرۆڤە و خستنەڕووی ئەو هەڕەشە و مەترسییانە بە مەبەستی تێگەیشتن لە داینامیزمی گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕەکان و ئامادەبوونی کۆمەڵگە و دەسەڵات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان.

بە شێوەیەکی گشتی، ساڵی ٢٠٢٣ ساڵێکی زۆر سەخت و ئەستەم بوو بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و، هەروەها هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و، ئەگەر بارودۆخەکە لە ڕووی هاوسەنگیی هێزی ناوخۆیی و هەرێمایەتییەوە هەر بەم شێوەیە بێت، ئەوە پێ دەچێت ساڵی ٢٠٢٤ لەوەیش قورستر بێت. هەر بۆیە پێویستە بڕیاروەرگرانی حکوومی و حزبی، سەربازی، ئەمنی و بازرگان و کۆمپانیا دارایی و ئابوورییەکان خۆیان بۆ ئەگەر و پێشهاتەکان ئامادە بکەن.

### ١- بەردەوامیی قەیرانی ئابووری و دارایی

یەکێک لە گەورەترین هەڕەشەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٤، بەردەوامیی ئەم قەیرانە ئابووری و داراییەیە لە هەرێمی کوردستان. ئەم کێشەیە لە ساڵی ٢٠٢٤ دەتوانێت کاریگەری لەسەر کۆی سێکتەرەکانی دیکەی سەربازی و ئاسایشی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاسی و ژینگەییش دابنێت. لە ڕاستیدا، لە ئەگەری بەردەوامیی بەغدا لەسەر هەمان سیاسەتی گوشاری ئابووری، ئەوە دۆخێکی زۆر ئاڵۆزتر لە ساڵی ٢٠٢٣ لە هەرێمی کوردستان دروست دەبێت و هەرێمی کوردستانیش جگە لەوەی لە ڕووی ڕەوایەتیی سیاسییەوە بەرەوڕووی قەیران دەبێتەوە (کە ئامانجی بەغدا و ئێرانیش هەر ئەمەیە)، لە هەمان کاتیشدا ئەگەری ئەوە بەرز دەبێتەوە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە پەنا بۆ ڕێوشوێن و بەکارهێنانی دوایین کارتەکانی خۆی ببات و لەوانەیە ئەمەیش لێکەوتەی سیاسیی گەورەی هەبێت.

**ئەگەر و ئاستی بەهێزی- زۆر بەرز:** ئەگەر ئەمریکا بە کێشە و ناوچەکانی دیکەوە سەرقاڵ بێت و، هەروەها ناکۆکییە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان لە نێوان هێزە سیاسییەکان بەردەوام بێت و هاوکێشەی هێز لە بەغدا لە نێوان کورد-سوننە و شیعە لە لایەک، هەروەها لە ناوخۆی شیعەکانیش هەر بەم شێوەیە بێت، ئەوە ئەم قەیرانە بەردەوام دەبێت و دەبێتە گەورەترین هەڕەشە لەسەر هەرێمی کوردستان. بەڵام ئەگەر ناوبژیوانییەکی کاریگەری هەرێمایەتی و سەرووهەرێمایەتی لەلایەن ئێران یاخود ئەمریکا یان وڵاتانی دیکە

ڕوو بدات، چاوەڕوان دەکرێت ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت؛ چونکە پێ ناچێت زۆر بەسانایی و بەبێ گوشار و دەستوەردانی دەرەکی، شیعەکان ڕازی بن کە یاسای بوودجە هەموار بکەنەوە و دەستەبەری ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان بکرێت. بەڵام ئەگەر یاسای بوودجە هەموار بکرێتەوە و هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان دەست پێ بکاتەوە، ئەوە بۆ ماوەیەکی کاتی ئەم کێشەیە چارەسەر دەکرێت. هەرچەندە ئەم پرسە پەیوەستە بە ڕێککەوتن و بڕیاری ئەکتەرە هەرێمی و سەرووهەرێمییەکان، بەتایبەتی ئێران و ئەمریکا لە عێراق.

**٢- هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان وەکوو هەڕەشە**

مەترسییەکی گەورە بۆ سەر هەرێمی کوردستان تایبەت بە پرسی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و لێکەوتەکانییەتی؛ بەم واتایە کە بەڕێوەنەچوونی هەڵبژاردن و وەپاشخستنی بە هەر هۆکارێک، مەترسییەکی گەورەی سیاسی لە ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی دروست دەکات و پاساوی دەستوەردانی زیاتر دەداتە دادگەی فیدراڵی و هێزە شیعەکان و، لە هەمان کاتیشدا ڕەوایەتیی هەرێمی کوردستان لە ئاستی ناوخۆ و دەرەکی لاواز دەبێت و، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ئەدا و کارامەییی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت. لە ئەگەری دووەمیشدا، کە هەڵبژاردن بکرێت، چەند مەترسییەک ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە، کە گرنگترینیان بریتییە لە تێکچوونی هاوسەنگیی هێز و مشتومڕ و ململانێ بۆ پێکهێنانی حکوومەت و داواکاریی لایەنەکان لە حزب و لیستی براوە بۆ پشک لە کابینەی نوێی حکوومەت. ئەمەیش دەتوانێت کاریگەریی نەرێنی لەسەر کەرتەکانی دیکەی وەکوو ئابووری، ئاسایشی، کۆمەڵایەتی و ئابووری دابنێت. گۆڕانکاری و ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کە هیچ هێزێک نەتوانێت زۆرینە بەدەست بێنێت و ئەمەیش دەرگە لەسەر دەستوەردانی بەغدا و هەرێمایەتی دەکاتەوە. هەروەها لە ئەگەری بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن، بەشداریی نزمی هاووڵاتیان، یان بایکۆتی بەرفراوان، دەتوانێت ڕەوایەتیی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بخاتە ژێر پرسیارەوە و لە داهاتوودا لێکەوتەی گەورەتری سیاسیی هەبێت.

**ئەگەر و ئاستی بەهێزی- بەرز:** ئەم سیناریۆیە کاتێک مەترسیدار دەبێت کە لێکترازانی سیاسیی لایەنەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، هەروەها دەستوەردان و گوشارەکانی بەغدا بەردەوام بێت؛ هەروەها لە هەردوو ئەگەر و فۆرمی ئەم سیناریۆیە بەهۆی بوونی دوو زۆنی فیعلی و دوو هێزی سیاسیی سەرەکی کە خاوەن هێزی ئەمنی و پێشمەرگەن، هاوکێشەکان مەترسیدارتر دەکات. جگە لەمانەیش، پرسی متمانەی سیاسی و ڕەوایەتی لەگەڵ ئاستی بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا، پەیوەندییەکی بەهێزیان هەیە و ئەمەیش دەتوانێت حکوومەت و دامەزراوەکانی لاواز و لەرزۆک بکات. بەم پێیە، گەورەترین مەترسی لە ئێستادا لەم سیناریۆیە ئەوەیە کە، هاووڵاتیان لە بری سندووقەکانی دەنگدان، جۆرەکانی دیکەی بەشداریی سیاسی هەڵبژێرن و ئەمەیش سیناریۆی ناسەقامگیری و نائاسایشیی سیاسی و ئابووری دێنێتە ئاراوە.

**٣- سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی و ناسەقامگیریی سیاسی**

ئەم سیناریۆیە لە ساڵی ٢٠٢٣ و تەنانەت لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە شێوازی جۆرواجۆر بەردەوام بووە. لە ئەگەری ڕێکنەکەوتنی دوو لایەنی سەرەکی لە هەرێمی کوردستان (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان) لە لایەک و لێکترازانی نێوان هێزەکانی دەرەوەی دەسەڵات و حزبەکانی بەشدار لە حکوومەت لە لایەکی دیکەوە، دەتوانێت کاریگەریی لەسەر ئاسایشی سیاسیی هەرێمی کوردستان و هەموو

کەرت و سێکتەرەکانی دیکەی ئاسایشی هەبێت. بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنیش ئەگەر بە ڕێککەوتنی پێشوەختە نەبێت، لە قۆناغەکانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و دەرکەوتنی ئەنجامەکان و، هەروەها پرۆسەی گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکوومەت، دەتوانێت ئەم ئاڵنگارییە قووڵتر بکاتەوە و بە فۆرمی قەیرانی سیاسی، خۆی بەرجەستە بکات. جگە لەمانەیش، ئەم سیناریۆیە دەتوانێت پێگەی هەرێمی کوردستان لە بەغدا و ناوچەکە لاواز بکات و ئەمەیش کاریگەریی لەسەر ماف و شایستە داراییەکان و تەنانەت دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان و بەردەوامیی کێشەکانی بەغدا و هەولێر دەبێت.

لە لایەکی تریشەوە، بەردەوامیی قەیرانی ئابووری و دارایی لە هەرێمی کوردستان بەهۆی بەغداوە، دەتوانێت ئاستی ناڕەزایەتیی کارمەندانی هەرێمی کوردستان بەرز بکاتەوە و هەوڵەکان بۆ ئەوەی بەغدا ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بکات، پێگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئاستی ناوخۆیی و بەغدا لاوازتر و لەرزۆک دەکات و کاریگەریی قووڵی سیاسیی لە داهاتوودا دەبێت. هەروەها لە ئەگەری بەردەوامیی قەیرانی ئابووری لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی بێکاری بەرزتر دەبێتەوە و وەبەرهێنەر و کۆمپانیاکان هەرێمی کوردستان بۆ ناوچەکانی دیکە جێ دێڵێن و ئەمەیش دووبارە کاریگەریی لەسەر ڕێژەی بێکاری، هەروەها بەرزبوونی هەژاری دەبێت. جگە لەمانەیش، ئەم سیناریۆیە ئاستی بارگرژی و لادانە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر دەکاتەوە و تەنانەت گەندەڵی و بەرتیلدان و بەرتیلوەرگرتن و... بەرزبوونەوەی ڕێژەی جیابوونەوەی خێزانی و دابەزینی ڕێژەی هاوسەرگیری و بەرزبوونەوەی ڕێژەی کۆچی گەنجان بۆ دەرەوە، تەنانەت دابەزینی ڕێژەی گەشەی دانیشتووان و بەرزبوونەوەی تاوانی کۆمەڵایەتی ڕوو دەدات، کە لە کۆتاییدا کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی دادەنێت و، ئەمەیش دەتوانێت جارێکی دیکە گوشارەکان بۆ سەر حکوومەت بەرز بکاتەوە و لە فۆرمی جیاجیا ناڕەزایەتی سەر هەڵبدات و ببێتە هۆکاری دروستبوونی مەترسی بۆ سەر ئاسایشی سیاسی لە ڕێگەی کەمبوونەوەی پاڵپشتی بۆحکوومەت و سیاسەتەکانی.

**ئەگەر و ئاستی بەهێزی- بەرز:** کاتێک ئەگەری ڕوودانی ئەم سیناریۆیە بەبەرزی دەمێنێتەوە کە ململانێ سیاسییە ناوخۆییەکان لە هەرێمی کوردستان، هەروەها گوشارەکانی بەغدا لە ڕووی ئابوورییەوە وەکوو خۆی بمێننەوە یان توندتریش بکرێت. لەم حاڵەتەدا، ناڕەزایەتیی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان لە حکوومەت و دامەزراوەکانی زیاتر دەبێت و، هەم لە ڕێگەی بایکۆتەوە کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنەکان دەکات و هەمیش دەستی بەغدا و ئەو هێزانەی کە ئاراستەیان بەرەو بەغدایە کراوەتر دەبێت بۆ گوشاری زیاتر و دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆیی هەرێمی کوردستان. هەموو ئەمانەیش جارێکی دیکە ئاستی ململانێی سیاسی، ناسەقامگیری و نائاسایشیی سیاسی بەرز دەکاتەوە.

### ٤- هەڕەشە سەربازی و ئاسایشییەکان

لاوازی و لەرزۆکیی سەروەریی عێراق و باڵادەستیی ئێران و لایەنگرە پرۆکسییەکانی، وای کردووە کە عێراق وەکو زۆنی خۆڵەمیشی لە هاوکێشە جیۆسیاسییەکان ڕۆڵ بگێڕێت. لە لایەکی تریشەوە، جەنگی حەماس-ئیسرائیل جارێکی دیکە ئەوەی سەلماند کە لە ئەگەری هەر گۆڕانکاری و پێشهاتێکی ئاسایشی و سەربازی لە ناوچەکە، بەهۆی هاوسەنگیی هێزی هەرێمایەتی، هەروەها ململانێکانی ئێران و لایەنگرانی لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە ناوچەکەدا، مەترسیی سەربازی و ئاسایشی و تەنانەت ئابووری و سیاسی بۆ سەر هەرێمی کوردستان دروست دەبێت. بەم پێیە، جگە لە ئەگەری بەهێزبوونی داعش و دروستبوونی

گرووپەکانی هاوشێوەی لە عێراق، مەترسیی میلیشیاکان بۆ سەر ئاسایشی هەرێمی کورستان بەردەوام لە هەڵکشاندایە. ئەم فاکتەرەیش هەم پەیوەندیی بە ناکۆکییەکانی ئەمریکا و ئێرانەوە هەیە و هەمیش بە پرسەکانی ناوچەکە؛ جگە لەمانەیش ئەگەر لە داهاتوودا ئیسرائیل یان ئەمریکا بیانەوێت بنکە ئەتۆمی و مووشەکییەکانی ئێران بکەنە ئامانج یان هێرش بکرێتە سەر حزبوڵڵای لوبنان و حووسییەکان لە یەمەن، یاخود لە سووریا هێزە میلیشیاکانی لایەنگری ئێران بکرێنە ئامانج، ئەوە ئەگەرێکی بەرزە کە هەرێمی کوردستان و ژێرخانە مەدەنی و سەربازییەکانی بکەوێتە بەر هێرشی میلیشیاکان. هەروەها بەردەوامیی ئۆپەراسیۆنە ئاسمانی و وشکانییەکانی تورکیا لە دژی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) و هێرش و هەڕەشەکانی ئێران بە پاساوی حزبە کوردستانییەکانی دژبەری ئێران لە هەرێمی کوردستان، دەتوانێت ئاسایشی سەبازیی هەرێمی کوردستان بخاتە مەترسییەوە و، ئەمەیش کاریگەریی لەسەر کەرت و سێکتەرەکانی دیکە وەکوو گەشتیاری و وەبەرهێنان و...، دەبێت. لە لایەکی تریشەوە، ئەگەر ئێران و ئەمریکا نەگەنە ڕێککەوتنێکی نەنوسراو، وەکوو ئەوەی لە پێش ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ رووی دا یاخود سزای قورس بەسەر ئێران بسەپێنرێت، ئەوە مەترسییەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەرز دەبێتەوە.

**ئەگەر و ئاستی بەهێزی- بەرز:** ئەگەری ڕوودانی ئەم سیناریۆیە کاتێک بەبەرزی دەمێنێتەوە کە ململانێکان لە ناوچەکە بەردەوام بن، هەروەها لە ئاستی ناوخۆییش بارگرژییەکانی نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکان تەشەنە بسەنێت. جگە لەمانەیش، گوشارەکان بۆ سەر هێزە هاوپەیمانەکان لە ڕێگەی سەربازییەوە، کە لێکەوتەی ململانێکانی ئێران و ئەمریکایە، دەتوانێت کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر ئاسایشی سەربازیی هەرێمی کوردستان دابنێت. لە لایەکی تریشەوە، تێکچوونی دۆخی ئاسایشی ناوچە سوننەکا، هەروەها بەردەوامیی ئۆپەراسیۆنەکانی ئێران و تورکیا، ئاستی ئەم هەڕەشەیە بەرزتر دەکاتەوە.

### ٥- ڕاڤەکردنی دەستوور وەکوو مەترسییەک بۆ هەرێمی کوردستان

ئەم چەند ساڵەی دوایی دەری خست کە مەترسییەکانی باڵادەستی و نفووزی لایەنە سیاسییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان لە دامەزراوە دەستوورییەکانی عێراق، دەتوانێت هاوکێشەی هێز لە عێراق بگۆڕێت. باشترین نموونەیش دادگەی فیدراڵییە کە بەپێی ئەجێندای هێزە شیعەکانی لایەنگری ئێران، گوشارەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەرز کردۆتەوە و، بە جۆرێک جێگەی هەموو دامەزراوە سیاسی و یاسایی و تەنانەت دەستوور و فیدراڵییەت و هاوسەنگیی سیاسی و ڕێککەوتنی سیاسیی لە عێراق گرتۆتەوە و بنەماکانی سازان و ڕێککەوتن و هاوبەشیی لە عێراق بەتەواوی پەک خستووە. بۆیە لە ساڵی ٢٠٢٤، ئەگەر ململانێکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا لە لایەک و ململانێکانی ئەمریکا و ئێران لە لایەکی ترەوە بەردەوام بن، ئەوە بڕیارەکانی ئەم دادگەیە، گوشارەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان چڕتر دەکاتەوە. بڕیارەکانی ئەم دواییەی ئەم دادگەیە وای کردووە کە بەتەواوی هەرێمی کوردستان لاواز بێت و پێشبینییش دەکرێت ئەگەر ئەم دادگەیە بەردەوام بێت، ئەوە سوننە و کورد و نەیارانی ئێران لە عێراق زیاتر بکەونە ژێر هەڕەشەوە. ئەمەیش هاوسەنگیی هێزی نێوان پێکهاتەکانی لە قازانجی ئێران و لایەنگرانی گۆڕیوە. لە ڕاستیدا ئێستا گەورەترین مەترسی بۆ سەر هەرێمی کوردستان هەوڵەکان بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور و لە لایەکی تریشەوە پاشەکشەیە لە بنەماکانی فیدراڵیزم لە عێراق، هەر بۆیە دادگەی فیدراڵی و هێزە شیعەکان بەو ئاراستەیە هەنگاو دەنێن.

**ئەگەر و ئاستی بەهێزی- زۆر بەرز- بەرز:** ئەگەر یاسایەکی نوێ بۆ دادگە، کە ڕەچاوی هاسەنگیی نێوان پێکهاتەکانی نەکردبێت، بۆ ئەم دادگەیە دەرنەچێت، ئەوە گوشارە کانی ئەم دادگەیە بەردەوام دەبێت. هەروەها لە ئەگەری بەردەوامبوونی کێشە سیاسییەکانی نێوان لایەنە سیاسییەکانی بەغدا لە لایەک و ئێران و ئەمریکا لە لایەکی ترەوە، ئەوە ئەم کێشەیە بەردەوام دەبێت. لە ڕوانگەیەکی ترەوە، ئەگەر هاوسەنگیی هێز بەم شێوەیەی ئێستا بمێنێتەوە، ئەوە مەترسییەکان بەردەوام دەبێت و بەڵکوو لەوانەیە دادگە دەست بۆ دەرکردنی بڕیاری مەترسیداری دیکەیش لە دژی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و تەنانەت بڕیاری دژی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و حکوومەت و یاساکانی پەرلەمان ببات. جێگەی ئاماژەیە ناکۆکییە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان، ئەگەری ڕوودانی ئەم سیناریۆیە بەرزتر دەکاتەوە.

**٦- ئاسایشی ئاو، گۆڕانی کەشوهەوا و مەترسییە ژینگەییەکان**

بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما لە ئاستی جیهانی و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و پیسبوونی ژینگە مەترسییەکی جددیە لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگە و دەوڵەتان. ژینگەی هەرێمی کوردستانیش بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافییەکەیەوە، هەروەها گەشەکردنی خێرای شارنشینی و بیناسازی و زێدەڕۆیی لەسەر سەرچاوەکانی ئاو لە لایەک و گۆڕانکاری لە کەشوهەوای هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما، هەروەها پیسبوونی هەوا و وشکەساڵی و بەبیابانبوونی ناوچەکانی باشووری عێراق و کۆچی دانیشتووانی ئەو ناوچانە لە لایەکی دیکەوە، وا دەکات کە ئەم مەترسییە کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر بوارەکانی تەندروستی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئابووریی هەرێمی کوردستان دروست بکات. ئاسایشی ئاو و ئەم مەترسییانەیش لە شارە گەورەکان وەکوو هەولێر، زیاتر هەڕەشە لە سێکتەرەکانی دیکە دەکات و ئەگەری سەرهەڵدانی ناڕەزایەتیی جەماوەریی لێ دەکەوێتەوە، بەتایبەتی لە وەرزی هاویندا کە گەڕەکەکانی شارە گەورەکان ڕووبەڕووی بێئاوی دەبنەوە. جگە لەمانەیش، سیاسەتی ئاویی تورکیا و ئێران و بەکارهێنانی لە ڕووی سیاسییەوە وا دەکات کە، ئەم مەترسییە زیاتر بەرجەستە ببێتەوە. جگە لەمانەیش، کۆچی دانیشتووانی عەرەبی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان بە هۆکاری ژینگەیی، دەتوانێت لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و تەنانەت لە درێژخایەندا ببێتە هۆی گۆڕانی دیموگرافی و مەترسی ئاسایشی و ژینگەییەوە بارگرانی زیاتر بۆ سەر هەرێمی کوردستان دروست بکات. هەروەها دەکرێت بۆ ئەم مەترسییانە کارەساتی سروشتیی وەکوو لافاو و بوومەلەرزە و ئاگرکەوتنەوە و... زیاد بکەین کە پێویستیی بە ڕێوشوێنی پێشوەختە و ئامادەکاری هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی، یان کەمکردنەوەی زیانەکانی.

**ئەگەر و ئاستی بەهێزی- زۆر بەرز- بەرز:** ئەم سیناریۆیە لە حاڵەتێکدا زیاتر مەترسییەکانی بەرز دەبێتەوە کە لە وەرزی زستان بەپێی پێویست سەرچاوەکانی ژێرزەوی نەبووژێتەوە و پڕ نەبێتەوە، هەروەها ئەگەر لە ڕووی بەڕێوەبردنەوە ڕێوشوێنی پێویست و زانستی لە هەرێمی کوردستان نەگیرێتە بەر، ئەوە ئەم کێشەیە بەرەو ئەوە دەچێت کە ببێتە قەیرانێکی جددی لە ساڵی ٢٠٢٤دا. هەروەها ئەگەر تورکیا و ئێران پابەند نەبن بە ڕێککەوتن و یاسا نێودەوڵەتی و دوو و چەندقووڵییەکان، ئەوە ئاستی ئەم مەترسییە بۆ سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان بەرز دەبێتەوە. هەموو ئەمانەیش لەژێر کاریگەریی ئێکۆسیستەمە جیهانییەکەدایە، بەڵام دەکرێت بە ڕێوشوێنی پێویست لە بواری ئاسایشی ئاو کاریگەرییە نەرێنییەکانی کەمتر بکرێتەوە[1]؛ هەروەها پرسی گازە ژەهراوییەکان بەهۆی دووکەڵی ئۆتۆمبێل و مولیدەکان، هەروەها کارگە و پاڵاوگەکان و هتد. لە ڕاستیدا جگە لەوەی ئەم پرسە لەم قەیرانە داراییەدا کاریگەریی لەسەر داهات و بەرهەمی

کشتوکاڵیی هەرێمی کوردستان دەبێت، لە ڕووی تەندروستی و ئاسایشی مرۆییشەوە دەتوانێت مەترسییەکی زۆر گەورە بێت لە پاڵ یان هاوشانی مەترسییە سەربازی و ئاسایشییەکان و تەنانەت گەورەتریش.

**٧- ئەگەرەکانی جەنگ و گۆڕانکاریی جیۆپۆلیتیک لە ناوچەکە**

پاش ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣، سەرەڕای ئەوەی کە هەموو ئەکتەرەکان هەوڵ دەدەن کە پێکدادانەکانی نێوان حەماس-ئیسرائیل، تەشەنە نەسەنێت و نەبێتە جەنگێکی هەرێمایەتی و وڵاتانی دیکەیش بگرێتەوە، بەڵام ڕووداوەکانی ئەم ناوچەیە پاش ئەم هێرشە، ئاستی مەترسییەکانی هەڵگیرسانی جەنگی بەرزتر کردۆتەوە. ئەم جەنگە، دەکرێت بەهۆی لێکدانەوەیەکی هەڵەی ئەکتەرێکی دەوڵەتی یان نادەوڵەتییەوە بێت یاخود هێرشی لەناکاوی ئیسرائیل بۆ سەر دامەزراوەکانی ئەتۆمیی ئێران یان هێرشی میلیشیاکان بۆ سەر بنکە و دامەزراوەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانییەوە بێت. بۆیە ڕوودانی جەنگ بەردەوام ئەگەرێکی کراوەیە، چونکە ستراتیژیی بەرگریی ئێران لەسەر بنەمای "ستراتیژیی بەرگریی دەستپێشخەرانە"([Preemptive Defense Strategy](#)) و "دۆکترینی جەنگی ناهاوسەنگ" ([Asymmetric War Doctrine](#) ) دامەزراوە. هەروەها ڕووسیا بۆ دوورخستنەوەی سەرنجەکانی ئەمریکا و ڕۆژاوا لەسەر جەنگی ئۆکراینا و، چین بۆ دوورخستنەوەی مەترسییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە ناوچەی دەرەوەی نزیک (Near Abroad)ی خۆی، هەوڵ دەدات کە ئەمریکا تواناکانی لە ناوچەیەک چڕ نەکرێتەوە و لە کێشەکانی ناوچەکەوە تێوە بگلێت. ئەگەر ئەمە ڕوو بدات، ئەو کاتە ئێمە بینەری گۆڕانکاریی جیۆسیاسی لە ناوچەکەدا دەبین؛ هەروەها ڕووداو (بۆ نموونە مردنی ڕێبەری باڵای ئێران- ئایەتوڵڵا خامنەیی و پرسی جێگرەوەی)، گۆڕانکارییەکی ناوخۆیی لە ئێران بەهۆی سەرهەڵدانەوەی ناڕەزایەتی و شۆڕش، دەتوانێت کاریگەری لەسەر هاوکێشەکان و هاوسەنگیی هێزی هەرێمایەتی دابنێت.

**ئەگەر و ئاستی بەهێزی- مامناوەند:** ئەم سیناریۆیە لە ناوچەکەدا دەتوانێت کاریگەری لەسەر هاوسەنگیی هێز لە عێراق دابنێت و بەم پێیەیش سەرەڕای مەترسییە سەربازییەکان، بەڵام دەتوانێت لە قازانجی هەرێمی کوردستان بشکێتەوە، بەو پێیەی کە شیعەکانی عێراق لەناو خۆیان کێشەی قووڵیان هەیە و ئەو هاوسەنگییەی ئێستا بەهۆی دەستوەردان و دەستڕۆیشتوویی و گوشاری ئێرانەوە دروست کراوە. لەم حاڵەتەیشدا لە هەمبەر میلیشیاکانی لایەنگری ئێران لە ناوچەکەدا جارێکی دیکە پێگەی هەرێمی کوردستان بەهۆی لاوازبوونی شیعەکان و لە لایەکی تریشەوە بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕۆڵ و پێگەی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان، بۆ ڕۆژاوا بەرز دەبێتەوە.

**٨- پرۆسەی سیاسیی عێراق و بەردەوامیی ناکۆکیی هەولێر-بەغدا**

یەکێک لە سیناریۆ بەهێزەکان ئەوەیە کە لایەنە شیعەکان، بەتایبەتی سەدرییەکان و هێزەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگیی لایەنگری ئێران بەرەوڕووی یەکتری ببنەوە، چونکە هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکانی عێراق و ئەگەری بایکۆتی بەرفراوان لە لایەک و هەوڵدانی لیستەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی بۆ کۆنترۆڵی جومگەکانی دەسەڵات لە پارێزگاکان و پەراوێزخستنی سوننەکان و لایەنگرانی سەدر وا دەکات کە، دوای هەڵبژاردنەکان ململانێکان زەقتر ببێتەوە و ئەگەری جووڵانی شەقام و تەنانەت [پێکدادانی میلیشیاکان](#) ببێتە ئەگەرێکی بەهێز. هەروەها لەم حاڵەتەیشدا دەکرێت جارێکی دیکە بۆ گۆڕینی هاوسەنگی و دروستکردنی گۆڕانکاری لە حکوومەت و دەسەڵات، لایەنەکان پەنا ببەنەوە بۆ خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیی

شەقام، هاوشێوەی ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ٢٠١٩. هەروەها ئەگەر شیعەکان هەوڵی پەراوێزخستنی زیاتری سوننەکان بدەن و هەمان میکانیزم و ڕێوشوێنی ڕابردوو لە دژی سوننەکان، چ لە ڕێگەی دادگەوە و چ لە ڕێگەی میلیشیاکانەوە تاقی بکەنەوە، ئەوە دەکرێت سوننەکان لە کورد نزیک ببنەوە و کورد و سوننە بتوانن هاوسەنگییەکی نوێ بێننە ئاراوە و پشتیوانیی دەرەکییش دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ ئەم سیناریۆیە. ئەوە جگە لەوەی کە لە ئەگەری تێکچوونی هاوسەنگیی سیاسی، دەکرێت بەرگریی چەکدارانە و ناڕەزایەتیی عەشایەرییش بێتە ئاراوە. بەپێچەوانەوە، ئەوە دەسەڵاتی شیعەکان قووڵتر دەبێتەوە و عێراق بەرەو شیعەگەرایی زیاتر هەنگاو دەنێت و ئێران بەتەواوی لە عێراق باڵادەست دەبێت.

**ئەگەر و ئاستی بەهێزی- بەرز:** لە ڕاستیدا ئەم سیناریۆیە دەوەستێتەوە سەر هاوکێشەکانی هەرێمایەتی و پاشان هەوڵەکانی ئەکتەرەکان بۆ هەژموونی زیاتر لە عێراق و، هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان دەتوانێت ئەم پرۆسەیە خێراتر بکات و، پێشبینی دەکرێت ئەم هەڵبژاردنە بە هەردوو ئاراستەی لێکترازانی نێوان پێکهاتەکان، هەروەها نێوان خودی شیعەکان (سەدر و لایەنەکانی دیکەی شیعە) بڕوات. لەم حاڵەتەدا کورد بە مەرجی یەکگرتوویی ناوخۆیی، ڕۆڵی پارسەنگی هێز دەبینێت و دەتوانێت جارێکی دیکە لە یەکلاییکردنەوەی هاوکێشەکاندا ڕۆڵ ببینێت. هەڵبژاردنی پارێزگاکان جگە لەوەی ئامادەکاری دەکات بۆ فەراهەمکردنی زەمینەی زاڵبوونی لایەنە شیعەکانی لایەنگری ئێران بۆ پەرلەمانی داهاتوو و حکوومەتی عێراق، لە هەمان کاتیشدا دەتوانێت ببێتە هۆکاری لێکترازانی زیاتری نێوان شیعەکان.

### ٩- قووڵبوونەوەی کەلێن و لێکترازانی کۆمەڵایەتی-کۆمەڵگەیی

بەردەوامبوونی قەیرانی ئابووری، جگە لە کاریگەرییە ئابوورییەکانی، وەکوو هەژاری و بێکاری، لە هەمان کاتیشدا لێکەوتەی زۆری کۆمەڵایەتیی دەبێت؛ ئەمەیش تەنیا بۆ لادانە کۆمەڵایەتییەکان ناوەستێت، بەڵکوو دیاردەی نامۆی وەکوو: دزی، کوشتن، گەندەڵی، دروستبوونی باندی تاوانکاریی ڕێکخراو، قاچاقچێتی، بازرگانیکردن بە مرۆڤ، لەشفرۆشی و...، سەر هەڵدەدات. بەڵام لە هەموو ئەمانە مەترسیدارتر، بڵاوبوونەوەی بەکارهێنان و بازرگانی بە ماددەی هۆشبەرە، کە بۆتە دیاردەیەکی مەترسیدار، کە هەر ئەمەیش دیاردەی دیکەی تاوانکاری و لادانی کۆمەڵایەتی وەکوو: پارەشوشتنەوە و پارەدارکردنی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان، کوشتن، دروستبوون و بەهێزبوونی ڕێکخراوی تاوانکاری و... لێ دەکەوێتەوە. بەڵام لەمانەیش مەترسیدارتر بۆ هەرێمی کوردستان، لێکترازان و چووکبوونەوەی قەبارەی خێزان و هەڵوەشانەوەی بنەماڵە و ئالوودەبوونی گەنجان و لەدەستدانی هێزی کار و چوونەدەرەوەی سەرمایەی تاکەکان بۆ بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر و بەم پێیەیش تێکچوونی ئاسایشی مرۆیی و بەرزبوونەوەی تاوان و لادانە کۆمەڵایەتییەکانە کە تەنانەت کاریگەری لەسەر ئاسایشی سەربازی و هەواڵگریی هەرێمی کوردستانیش دادەنێت؛ بەم واتایە کە لە لایەک وەفاداری و ئینتیمای نیشتمانی لاواز دەکات و دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە هەرێمی کوردستان لە هێزی سەربازی-بەرگریی گەنجان لە کاتی پێویست بێبەش بێت و، لە لایەکی تریشەوە دەرگە بۆ ڕێکخراوە تیرۆریستی و توندڕەوەکان و تەنانەت وڵاتانی دراوسێش دەکاتەوە، کە ئەم گەنجە ئالوودەبووانە بەکار بێن بۆ کاروباری هەواڵگری و سەربازی لە دژی هەرێمی کوردستان. چونکە لێکەوتە تەندروست و دەروونییەکانی ئەم ماددە هۆشبەرانە بە شێوەیەکە، کە بنەما ئەخلاقی و یاسایی و ئاسایشییەکان دەکاتە ئامانج، بەبێ ئەوەی کە کەسی ئالوودەبوو توانای جیاکاریی لە نێوان ئەو بنەما و ڕیسا و یاسا ئەخلاقییانەی هەبێت و، بەم پێیەیش ئاسایشی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و سەربازیی هەرێمی کوردستان دەکەوێتە ژێر هەڕەشەیەکی جددییەوە. هەڵکەوتەی هەرێمی

کوردستان و ئەگەری تێوەگلانی بەشێک لە ئەکتەرە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکانی ناوچەکە لەم بازرگانییە، ئاستی مەترسییەکانی بۆ هەرێمی کوردستان بەرزتر کردۆتەوە.

هەروەها لە پاڵ ئەم مەترسییانە وەکوو ساڵانی ڕابردوو، بەرزبوونەوەی ڕێژەی دانیشتووانی عەرەب لە هەرێمی کوردستان بەپێی ئامارە نافەرمییەکان، هەروەها لێکەوتە ناسنامەیی، کۆمەڵگەیی، ئابووری، ئاسایشی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و تەنانەت گوشارە ژینگەییەکانی ئەم بەرزبوونەوەیە وا دەکات، کە لە پاڵ ماددەی هۆشبەر ئەم مەترسییە شاراوەیە وەکوو هەڕەشەیەکی ئاسایشی هەژمار بکرێت. جگە لە مەترسییەکانی گۆڕینی دیموگرافیای کوردستان کە بە بەراورد بە عەرەب کەمینەیە، لە هەمان کاتیشدا گوشارێکی زۆر لەسەر خزمەتگوزارییەکان وەکوو: ئاو و کارەبا و ژێرخانی خزمەتگوزارییەکان وەکوو قوتابخانە و زانکۆ و ڕێگەوبان و پیسبوونی ژینگە و...، دروست دەکات. هەروەها لە ڕووی سیاسی و ئاسایشییەوە دەتوانێت لە داهاتوودا مەترسییەکی جددی بێت.

لە ڕاستیدا ئەم ڕوانگەیە هەڵقووڵاوی هزر و ڕوانگە و بیری شۆڤینی و ڕەگەزپەرستی نییە، بەڵکوو بەپێی هەموو ڕوانگە و تیۆری و قوتابخانە نوێیەکانی ئاسایشی، کەمینەکان هەست بە نائاسایشی و مەترسی بوونناسانە دەکەن. لە ڕووی ئەوەی کە ڕێژەیان کەمتر ببێتەوە و لە هەمان کاتیشدا هاووڵاتیان سەر بە ناسنامەی زۆرینە لە شوێنی کەمینەکان نیشتەجێ بن. هەر پەیوەست بەم هەڕەشەیە، مەترسییەکی جددی ناسنامەیی کە کاریگەریی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی (Societal Security)ی هەرێمی کوردستان هەیە، بریتییە لە پەراوێزکەوتنی زمانی کوردی لە شوێنە بازرگانی و پەروەردەییەکان و زانکۆ و ناوەندە زانستییەکان. ئەمەیش ڕاستەوخۆ کاریگەریی سیاسی دروست دەکات و ئاسایسی ناسنامەیی دەخاتە مەترسییەوە، کە لە هەموو ئاستەکانی دیکەی ئاسایشی کۆمەڵگەیی و ناسنامەیی مەترسیدارترە بۆ سەر بەردەوامی و مانەوە و ئاسایشی وجوودیی پێکهاتەکان.

جگە لە کەمتەرخەمیی دامەزراوە پەیوەندیدارەکان، لە ڕووی کردارییەوە کاتێک کە ڕێژەیەکی بەرز لە زمانی جیاواز لە هەرێمی کوردستان (بۆ نموونە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی) لە بازاڕی کار و شوێنە گشتییەکان و ناوەندەکانی خوێندن و... بەکار بێت، ئەوە زمانی کوردی یان کاری پێ ناکرێت یاخود دەکەوێتە پەراوێزەوە؛ ئەوە جگە لەوەی کە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، زمانی دەوڵەتن و فەرمین و بە سەدان ملیۆن کەس و دەیان دەوڵەت قسەی پێ دەکەن و دەیان بەرهەمی هزری و کەلتووری و زانستی بەم زمانانە ڕۆژانە دێتە ناو کۆمەڵگە و بواری سیاسی و تەنانەت بازاڕ و ئابوورییەوە. پشتگوێخستنی زمانی کوردی یان بەهۆی پێداویستییەکانی بازاڕی کار و بە شێوەیەی ئاسایی و ڕۆژانە، لە درێژخایەندا کاریگەرییەکی زۆر قووڵی بۆ هەموو بوارەکانی دیکەی ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەبێت. هەروەها پرسی سەرژمێریی دانیشتووان کە بڕیارە لە ساڵی ٢٠٢٤ ئەنجام بدرێت، ئەگەر ئاماژە بە نەتەوە و مەزهەب نەکرێت، مەترسییەکی دیکەیە لە داهاتوودا.

**ئەگەر و ئاستی بەهێزی- بەرز:** ئامارەکانی ڕۆژانەی هێزە ئاسایشییەکان سەبارەت بە دەستبەسەرداگرتنی دەیان و سەدان کیلۆگرام لە جۆرەکانی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان، ئەمە دەردەخات کە ئەم مەترسییە ئاستێکی بەرزی هەیە. هەر بۆیە هەموو ئامراز و میکانیزمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئایینی و ئاسایشی و پەروەردەیی و...، دەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی بخرێتە کار. هەروەها تێوەگلانی ڕێکخراوە تاوانکارییە سنووربەزێنەکان و ئەکتەرە نادەوڵەتی و تەنانەت دەوڵەتانی ناوچەکە ئەم دیاردەیە

زۆر مەترسیدار دەکات.

**١٠- تەنیایی ستراتیژیی هەرێمی کوردستان: هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆماری ئەمریکا و پەرلەمانی ئەورووپا**

لە ساڵی ٢٠٢٤دا نیوەی جیهان بەرەو سندووقەکانی دەنگدان دەڕوات و نزیکەی ٣٠ وڵاتیش بەرەو هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دەچن. لەم نێوەندەیشدا بەهۆی ئەوەی کە تاکە پاڵپشتیی دەوڵەتانی سەرووهەرێمی بۆ هەرێمی کوردستان پرسێکی ژیانییە، چونکە تاکە ئەکتەری نادەوڵەتی، هەرێمی کوردستانە لە ناوچەکەدا کە بەدەست تەنیاییی ستراتیژیک (strategic loneliness)ەوە دەناڵێنێت؛ بەو واتایەی کە بەپێچەوانەی ئەکتەرە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکان لە ناوچەکەدا، کورد بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی ناتوانێت پشت بە هیچ دەوڵەت یان ئەکتەرێکی هەرێمایەتی بە شێوەیەکی ستراتیژی ببەستێت؛ تەنانەت ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانی وەکوو حزبوڵڵا، حەماس، حەشدی شەعبی و حووسییەکانی یەمەن، جگە لەوەی کە لە ڕووی نەتەوایەتییەوە زۆرینەن، لە هەمان کاتیشدا لەلایەن ئەکتەرێکی دەوڵەتی و ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانی هاوشێوەی خۆیان پاڵپشتی دەکرێن؛ دوایین نموونەیش پشتیوانیی ئێران و گرووپە چەکدارە میلیشیاییەکانە لە حەماس و، تەنانەت پشتیوانیی دەوڵەتانی عەرەبی لە خەڵکی غەززە و، لە ئاستی نێودەوڵەتییش گوشار و داواکارییەکان بۆ ڕاوەستانی جەنگ. بۆیە ئەگەر بۆ ئەکتەرە دەوڵەتییەکان، بوونی پەیوەندیی سەرووهەرێمی، دەستەبەری هێز و پێگەی جیۆسیاسی و بەرژەوەندیی ئابووری بکات، **بۆ ئەکتەرێکی نادەوڵەتیی وەکوو هەرێمی کوردستان، کە لە تەنیاییی ستراتیژیدا دەژیت، پرسێکی ئاسایی نییە، بەڵکوو پرسێکی ژیانییە و لە سەرووی هەموو پرسەکانی دیکەوەیە.**

لەم چوارچێوەیەدا، هەرێمی کوردستان جگە لە گوشارەکانی بەغدا، هەروەها ناڕوونیی چارەنووسی ڕۆژاوای کوردستان، ڕووبەڕووی مەترسیی گەورە دەبێتەوە ئەگەر بە پلەی یەکەم لە ئەمریکا و پاشان لە ئەورووپا ئەو لایەن و کەسایەتییانە بێنە سەر کار کە گرنگی بە ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان و هاوپەیمان و هاوبەشەکانیان نەدەن، چونکە هەرێمی کوردستان جگە لەوەی لەژێر گوشاری بەغدا و هەڕەشەی بەردەوامی هێزە میلیشیاییەکانە، لە لایەکی تریشەوە لە ئەگەری بەرفراوانبوونی جەنگ لە ناوچەکە، بەهۆی دوواسییەتیی لەگەڵ ئێران و بوونی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان، دەبێتە گۆڕەپانی جەنگەکە.

لە 5ی ئەم مانگەدا دەیان ملیۆن ئەمریکی (60)ەمین سەرۆکی ئەمریکا هەڵدەبژێرن؛ ئەمەیش لە کێبڕکێیەکدا کە دەتوانێت "جۆ بایدن" تا تەمەنی 86 ساڵی لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە. چەندان ڕاپرسی دەری دەخەن، زۆربەی دەنگدەران پێیان وایە سەرۆکی دیموکراتەکان تەمەنی زۆرە بۆ ئەوەی ببێتە فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی ئەمریکا؛ هەرچەندە "دۆناڵد ترامپ"ی ڕکابەری، تەمەنی ٧٧ ساڵە. سەرەڕای هەموو بێنەوبەردەکان و چەندان دادگەییکردنی تاوانکاری کە بەسەریدا سەپێنراوە، ترامپ کاندیدی جەماوەری بەرەی کۆمارییەکانە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ساڵی ٢٠٢٤دا. هەروەها لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢٤ گەورەترین هەڵبژاردنی نێودەوڵەتی لە جیهاندا بەڕێوە دەچێت و زیاتر لە ٤٠٠ ملیۆن دەنگدەر لە ٢٧ وڵاتی یەکێتیی ئەورووپا، ٧٢٠ ئەندامی پەرلەمانی ئەورووپا هەڵدەبژێرن. دوای ئەوەی ڕاستڕەوەکان لە هۆڵەندا و ئیتاڵیا دەسەڵاتیان بەدەست هێنا، ئەم هەڵبژاردنە دەبێتە تاقیکردنەوەیەک بۆ ئەوەی ئایا ئەورووپا پشتگیریی پۆپۆلیستە ڕاستڕەوەکان دەکات یان نا[2].

بۆیە ئەگەر ترامپ لە ئەمریکا و ڕاستڕەوەکانی هاوشێوەی لە ئەوروپا بێنە سەرکار، ئەوە سیاسەتی دەرەوەیان دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەیارانی هەرێمی کوردستان زیاتر بەهێز دەبن و مەترسیی جددی لەسەر هەرێمی کوردستان دروست دەبێت؛ باشترین نموونەیش سەردەمی سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترامپ و پرسی ڕیفراندۆمی سەربەخۆییی هەرێمی کوردستان و ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ بوو کە هەرێمی کوردستان کەوتە مەترسییەکی ژیانییەوە.

**ئەگەر و ئاستی بەهێزی- بەرز:** بەهۆی ئەوەی کە هەرێمی کوردستان بە پشتیوانی و پاراستنی ڕۆژاوایییەکان دروست بووە، خولی چوار ساڵەی ترامپ نیشانی دا، کە گۆڕانکارییە ناوخۆیییەکانی ئەمریکا دەتوانێت کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان دروست بکات. بۆیە هاتنەسەرکاری ترامپ لە ئەمریکا و ڕاستڕەوەکان لە ئەوروپا ئەگەر هاوکات بێت، مەترسییەکی جددییە بۆ هەرێمی کوردستان.

**کۆبەند**

جگە لەو مەترسییانە، چەند هەڕەشەیەکی دیکە بۆ هەرێمی کوردستان لە ئارادایە کە لەوانەیە لە ئێستادا کاریگەریی ڕاستەوخۆی نەبێت، بەڵام بەدڵنیایییەوە لە ساڵانی داهاتوودا دەتوانێت ببێتە هەڕەشەیەکی جددی لەسەر هەرێمی کوردستان کە ئاماژە بە گرنگترینیان دەکەین:

١- پەراوێزخستنی هەرێمی کوردستان لە نەخشەی "پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان" لەلایەن عێراق و تورکیاوە و بەم پێیەیش کردنەوەی دروازەیەکی نوێ لە نێوان تورکیا و عێراق.

٢- گوشارخستنی هێزەکانی لایەنگری ئێران بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا و عێراق یان بە بڕیاری خودی ئەمریکا بۆ کشانەوەیان، هاوشێوەی ئەفغانستان.

٣- نەخشەی جیۆسیاسی لە ناوچەکە لە پاش جەنگی حەماس-ئیسرائیل بە شێوەیەک دابڕێژرێتەوە کە باکووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەی کەنداو بکەوێتە ژێر کاریگەری و نفووز و هەژموونی تەواوی ئێران و ڕووسیا و چین و، باشووری ئەم دوو ناوچەیەیش لەژێر هەژموونی ئەمریکا و ئیسرائیل و وڵاتە عەرەبییەکانی هاوپەیمانیان بێت. ئەم هاوکێشەیە چەندان ساڵە مشتومڕی لەسەر دەکرێت و زیاتر لە دەیەیەک دوای دەرچوونی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و پاشان لە ئەفغانستان، زیندوو کراوەتەوە.

٤- لە مەودای مامناوەند هیچ تایبەتمەندییەکی فیدراڵی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان نەمێنێت و لە درێژخایەندا کودەتایەکی دەستووری لە عێراق بکرێت یاخود هەمواری دەستوور بە شێوەیەک بکرێت کە کۆتایی بە دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان بهێنرێت؛ بەو پێیەی لە ئێستادا هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی قەیرانی ناوخۆیی بۆتەوە و مەیلی گەڕانەوە بۆ ناوەند-بەغدا (centripetal) لە بەرامبەر مەیلی دوورکەوتنە لە ناوەند-بەغدا (centrifugal) لە لای بەشێک لە هاووڵاتیان بەهێز بووە و، ئەم ئەگەرە هیچ ئەستەم نییە، تەنانەت ئەم سیناریۆیە وا دەکات کە کۆمەڵگەی کوردستان زیاتر دابەش ببێت و، "دووجەمسەری" گەورەترین مەترسییە لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە داهاتوودا. هەروەها فیدراڵیی پارێزگاکان بێتەوە بەرباس یاخود سیستەمی سیاسیی عێراق گۆڕانی بەسەردا بێت و بەرەو نیمچەسەرۆکایەتی بڕوات.

٥- گەورەترین قەبارەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان لە دوو بواری پیشەسازیی نەوت و پرۆژەکانی نیشتەجێبوون یاخود خانووبەرەدا خۆی دەبینێتەوە و بەم پێیەش لە ئێستادا پیشەسازیی نەوت بەهۆی سیاسەتی بەغداوە ڕووبەڕووی پاشەکشە و ڕاوەستانی ترسناک بۆتەوە و لە هەمان کاتیشدا ئەگەری داتەپینی گەورەی ئابووری بەهۆی شکستی کەرتی بیناسازی و خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان، دەتوانێت قەیرانێکی گەورەی دارایی و ئابووری لە ساڵانی داهاتوودا بێنێتە ئاراوە و بەهۆی ئەوەی کە کوردستان دەوڵەت نییە، خەسارێکی گەورە لە هەموو بوار و کەرتەکانی دیکە بدات. جگە لەوەیش، زیادەڕۆیی و پشتگوێخستنی کەرتەکانی دیکە بە بەراورد لەگەڵ ئەم کەرتانە، گەشەی ناوهاوسەنگ یان تاکڕەهەندی بەرهەم دێنێت، کە خۆی لە خۆیدا مەترسییە بۆ سەر گەشەپێدان و ئاسایشی فرەڕەهەندی هەرێمی کوردستان.

**تێبینی:**

ئاییندەناسی، ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کە چۆن واقعی "سبەی" لە گۆڕانکاری (یان سەقامگیری)ی "ئەمڕۆ" لەدایک دەبێت. بەو پێیەی ناتوانرێت داهاتوو بەوردی بزانرێت، ئاییندەناسی (Futures studies) تەنیا پلاندانان لەسەر بنەمای سیناریۆیەک ڕەت دەکەنەوە. بە بڕوای ئاییندەتوێژان، پێویستە کۆمەڵێک سیناریۆ لە پلاندانانادا بەکار بهێنرێت. کۆمەڵێک سیناریۆ دەتوانن مەودای بەرفراوانتر لە داهاتووە گریمانەکراوەکان بخەنە ڕوو و پلاندانان لەسەر بنەمای کۆمەڵەیەکی لەو جۆرە بەدڵنیاییەوە وردتر و تەواوتر دەبێت و، متمانەمان لە ڕووبەڕووبوونەوەی داهاتوو زیاد دەکات. سیناریۆ وەسفێکی مەعقووڵ و لۆژیکییە بۆ ئەوەی کە ڕەنگە ڕوو بدات و، نیشان دەدات کە ڕووداو و بڕیارەکانی ئەمڕۆ چۆن داهاتوومان لەقاڵب دەدەن. سیناریۆکان باس لە ڕەوت و ڕووداوەکان دەکەن بەو شێوەیەی کە دەتوانن ڕوو بدەن. ئەگەری ئەوەی سیناریۆیەک بەتەواوی بەدی بهێنرێت زۆر کەمە و، تەنانەت هەرگیز ڕووی نەداوە کە بەوردی وەکوو خۆی ڕوو بدات. وەدیهاتن یان بەدینەهێنانی هەر سیناریۆیەک، پێوەرێکی باش نییە بۆ حوکمدان لەسەر دروستی یان نادروستیی سیناریۆکان. بەهای سیناریۆ لە بەدیهێنانی تەواوەتیدا نییە، بەڵکوو لەو کاریگەرییەیە کە دەتوانێت لەسەر بڕیار و سیاسەتە دروستەکانی ئەمڕۆ هەیبێ. بابەتەکانی ئاییندەیی بریتین لە جۆرەکانی:

١- "ئەگەر- لەوانەیە" یاخود ئاییندەی مومکین (Possible): هەر شتێک، باش بێت یان خراپ، ئەگەری هەیە یان بەدوور نازانرێت، دەتوانێت لە داهاتوودا ڕوو بدات.

٢- "دەشێت-مومکین" یاخود ئاییندەی ڕێتێچوو (Probable): ئەوەی کە ئەگەری زۆرە لە داهاتوودا ڕوو بدات (بە پشتبەستن بە بەردەوامبوونی ڕەوتەکانی ئێستا لە داهاتوودا).

٣- ئاییندەی "دڵخواز-ئایدیال" ( Preferable) ئەوەی بە گونجاوترین و خوازراوترین ڕووداوی داهاتوو دادەنرێت.

میتۆدی جۆراوجۆر بۆ ئاییندەناسی و داهاتووتوێژی داڕێژراون، لە شێوازە سادەکانەوە بۆ شێوازە ئاڵۆزەکان و لە شێوازی چۆنایەتییەوە بۆ چەندایەتی. بۆ نموونە: Trend extrapolation و Board of experts و Delphi و Projection و Consultation و Goal analysis و Senario و Back Casting و Modeling و Simulations and games و Brainstorming و Relevance Tree و

Environmental impact و Cross – Impact Analysis و Critical technologies assessment و Social impact assessment و Morphology analysis و Patent analysis و Visualization و Futures Wheels و CERT/CPM و هتد. بەڵام زۆربەی ئەم شێوازانە سەرەڕای ئەوەی تایبەتمەندیی ناوازەیان هەیە و زاراوەی جیاواز بەکار دەهێنن، هاوشێوەی یەکترن. بەڵام دەکرێت بە ڕێگەی چاودێری، شرۆڤە و شیکردنەوە، مۆدێلسازی، داڕشتنی نەخشەڕێگە، ڕوانگە و تێڕوانین (perspective) سیناریۆسازی و گەڕانەوە بۆ ڕابردووی ڕووداو و دیاردەکان (Back casting) و هتد، توێژینەوەی ئاییندەیی ئەنجام بدرێت.

بە شێوەیەکی گشتی هەر نووسینێک لەسەر داهاتوو، دەتوانێت ئەم هەنگاوانە لەخۆ بگرێت:

– پێناسەی بابەت یان کێشەی سەرەکی

– دەستنیشانکردنی پاڵنەر و ڕەوتە سەرەکی و گرنگەکان

– پۆلێنکردنی ئەم ڕەوت و پاڵنەرانە لە ڕووی گرنگی و نادڵنیاییەوە

– هەڵبژاردنی لۆژیکی یەکەمی سیناریۆکان و فراوانکردنیان

– هەڵسەنگاندنی مانا ناڕاستەوخۆکانی سیناریۆکان

– هەڵبژاردنی پێوەرە ستراتیژییە گرنگەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئامانجەکان

لە کۆتاییدا لەم نووسینەدا بۆ کورتکردنەوە، هەروەها دوورکەوتنەوە لە ئاڵۆزیی میتۆدەکانی، ڕێبازی Mixed methods بەکار هێنراوە، چونکە ئەم جۆرە لە دەستنیشانکردنی مەترسییانە لە چوارچێوەی National Security Studies خوێندنەوەی بۆ دەکرێت نەک ئاییندەناسی و توێژینەوەی داهاتوو بە شێوەیەکی تەواو و ڕەها. ڕێبازی ئەم نووسینە لەسەر ئەم بنەمایەیە کە هەندێ جار بە ئاییندەناسیی چارەنووس دەناسرێت: **ئەگەر ڕەوتی ئێستا بەردەوام بێت، ئەوا دۆخی داهاتوو لە دۆخی ئێستا خراپتر دەبێت.** هۆکاری سەرەکیی بەکارهێنانی ڕەوتە نەرێنییەکان و ئەم جۆرە سیناریۆیانە بۆ داهاتوو، ئاگادارکردنەوەی خەڵک و دەسەڵاتدارانە لە پرسە ئەگەرییەکان کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. چونکە ئەگەر سیناریۆکان لە باشترینەوە بۆ خراپترین دابڕێژرێت، ئەوە شتێکی ئەوتۆ نەوتراوە و نەکراوە، بەڵکوو هەموو سیناریۆکان خراوەتە ڕوو؛ بەڵام باشیی ئەم ڕێبازە ئەوەیە کە دەستنیشانی دەکات کە بەردەوامی و لێکەوتەی کام لە سیاسەت و ڕەفتاری ئێستامان دەتوانێت ببێتە هۆکاری ڕوودانی یەک یان چەند سیناریۆیەک لە داهاتوو. لە لایەکی ترەوە، داهاتووناسیی ئەرێنی و هەندێ جار ئاییندەناسیی نۆرماتیڤ وا دەکات کە سیناریۆکان بەپێی ڕوانگەی ئەخلاقی و هزری و ئایدیۆلۆژی دابڕێژرێت کە یان بەتەواوی ئەرێنییە یان بەتەواوی ڕەش و نەرێنییە و، ئەمەیش لە جیهانی ڕاستەقینەدا بوونی نییە و ئەگەری ڕوودانی ئەستەمە و، ناکرێت لەسەر بنەمای ڕوانگە، بەها و نۆرم و تەنانەت بەرژەوەندیی خۆمان جیهان ببینین و سیاسەت دابڕێژرێت.

[1] – پێشەوا هەورامانی، وتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە ڕێکەوتی ١٢-١٢-٢٠٢٣ پەیامێکی

ڤیدیۆییی بڵاو کردەوە و تێیدا باس لە مەترسی و کاریگەرییەکانی کەمبوونەوەی ئاو دەکات و دەڵێت: بەهۆی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، مەترسیی گەورە کەوتووەتە سەر ئاو، بەهۆی ئەوەی مەسروور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان درکی بەم راستییە کردووە، بابەتی ئاو کاری لەپێشینەوە و جێی گرنگیی سەرۆکوەزیران بووە و حکوومەتی هەرێم 18 بەنداو و چەندان پۆندی لە سەرتاسەری کوردستان بە گوژمەی 120 ملیار دینار تەواو کردووە و 13 بەنداو و پۆندی تریش بە توانای گلدانەوەی 200 ملیۆن مەتر سێجا بە گوژمەی 555 ملیار دینار لە بواری جێبەجێکردندان.

[2] – شەپۆلی ڕاستگەرایی لە ئەوروپا

بە سەرکەوتنی ویلدەرز لە هۆڵەندا، لیستی ئەو سیاسەتمەدارە ڕاستڕەوانەی کە لە ساڵانی ڕابردوودا توانیویانە لە ڕێگەی سندووقەکانی دەنگدان لە وڵاتانی ئەوروپا دەسەڵات بەدەست بهێنن، فراوانتر بووە. جگە لە هۆڵەندا کە هێشتا حکوومەتی داهاتووی یەکلایی نەکراوەتەوە، چەند وڵاتێکی ئەورووپی هەن کە حکوومەتە ڕاستڕەوەکان دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرتووە:

- **فینلاند**

لە مانگی ئایاری ٢٠٢٣ چوار حزبەکەی ئەو وڵاتە ڕێک کەوتن لەسەر پێکهێنانی حکوومەتێکی ڕاستڕەو و پێتری ئۆرپۆ (Petteri Orpo) سەرۆکی حزبی پارێزگاری کار "هاوپەیمانیی نیشتمانی" لە شوێنی سێنا مارین (Sanna Marin) لە حزبی سۆسیال دیموکرات وەک سەرۆکوەزیران هاتە سەر کار. ئەم حکوومەتە بە "ڕاسترین" حکوومەت لە مێژووی فینلاند ناو دەبرێت.

- **سوید**

لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٢، دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردن، سێ حزبی میانڕەوی ڕاست کە بریتی بوون لە "پارێزگارە میانڕەوەکان"، "لیبراڵەکان" و "دیموکرات مەسیحی" حکوومەتێکی هاوپەیمانییان پێک هێنا و دوای چەند دەیە سۆسیالیستەکانیان دەسەڵات دوور خستەوە. هەرچەندە حزبی ڕاستڕەوی توندڕەو "دیموکراتەکانی سوید" لەم کابینەیەدا ئامادە نییە، بەڵام ڕێککەوتن لەسەر ئەوە کراوە کە ئەم حزبە پشتگیری لە پلانەکانی حکوومەت بکات لە پەرلەماندا.

- **ئیتاڵیا**

دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان لە ئەیلوولی 2022، حزبی ڕاستڕەوی "برایانی ئیتاڵیا" (Fratelli d’Italia) بە سەرۆکایەتیی جۆرجۆ مێلۆنی (Giorgia Meloni) توانیی سەرکەوتنێکی مێژوویی بەدەست بهێنێت و کورسیی زیاتر لە هەردوو ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیران بەدەست بهێنێت. مێلۆنی بە پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی ڕاستڕەو بە ئامادەبوونی حزبە گەورەکانی وەک لێگا (Lega) و فۆرزا ئیتالیا (Forza Italia) توانیی دوای جەنگی جیهانیی دووەم ڕاسترین حکوومەتی ئەم وڵاتە پێک بهێنێت.

- **هەنگاریا**

لە مانگی نیسانی ٢٠٢٢دا ڤیکتۆر ئۆربان (Viktor Orbán) و حزبە ڕاستڕەوەکەی فیدێس (Fidesz)

جارێکی دیکە لە هەڵبژاردنە نیشتمانییەکانی ئەم وڵاتەدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا؛ بە جۆرێک بۆ چوارەم خولی لەسەریەک وەک سەرۆکوەزیرانی هەنگاریا هەڵبژێردرایەوە. ئەم سیاسەتمەدارە ڕاسترەوە تەمەن ٦٠ ساڵە، لە ساڵی ۲۰۱۰وە سەرۆکوەزیرانی وڵاتەکەیە و درێژترین ماوەی سەرۆکایەتیی دەوڵەتی لە یەکێتیی ئەوروپا هەیە.

- **یۆنان**

لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ۲۰۲۳ حزبی "دیموکراسیی نوێ" (New Democracy) بە سەرکردایەتیی کیریاکۆس میتسۆتاکیس (Kyriakos Mitsotakis) توانیی جارێکی دیکە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەم وڵاتەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. بێ گومان حزبەکەی بە ڕەوتێکی ڕاسترەوی ناوەڕاست دادەنرێت، بەڵام هاوپەیمانییەکی سیاسەتمەدارانی ڕاسترەوی توندڕەو بە ناوی "سپارتان" (Spartans) توانییان وەک پێنجەم گرووپی گەورە لە پەرلەمانی ئەو وڵاتە بچنە ناو ئەنجومەنی یاسادانانی یۆنان.

- **پۆڵەندا**

دۆخی پۆڵەندا کەمێک ئاڵۆزترە. حزبی ناسیۆنالیستی "یاسا و دادپەروەری" ( Law and Justice) کە لە ساڵی 2015وە دەسەڵاتدارە، لە هەڵبژاردنی مانگی تشرینی یەکەمی ۲۰۲۳دا نەیتوانی بگاتە ئەو 231 کورسییەی کە پێویست بوو بۆ پێکهێنانی حکوومەت؛ هەرچەندە لە هەموو حزبێکی دیکە دەنگی زیاتری بەدەست هێنا.

جگە لەو دەوڵەتانەیش، **سپانیا** تا لێواری هاتنەسەردەسەڵاتی حکوومەتێکی ڕاسترەو چوو، بەڵام لە کۆتاییدا پێدرۆ سانچێز (Pedro Sanchez) توانیی لە نۆڤەمبەری ۲۰۲۳ بە دەنگی ئەندامانی پەرلەمانی ئەم وڵاتە پێگەی خۆی بەهێزتر بکات وەک سەرۆکوەزیرانی ئیسپانیا بۆ خولێکی تر. هەروەها لە **فەڕەنسا** ساڵانێکە سێبەری ڕاسترەوەکان قورسایی لەسەر کۆمەڵگە و سیاسەتی ئەم وڵاتە دادەنێت. هەرچەندە مارین لۆپێن (Marine Le Pen) لە دوو هەڵبژاردنی ڕابردووی سەرۆکایەتیی فەرەنسادا بە ئیمانوێل ماکرۆن دۆڕا، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی زنجیرە ڕووداوەکان و ئەگەری فراوانبوونی شەپۆلی ڕاسترەوی لە ئەوروپا، دوور نییە فەڕەنسییەکان لە هەڵبژاردنەکانی ۲۰۲۷دا هەڵبژاردنێکی جیاواز بکەن. تەنانەت لە ئەڵمانیا کە گەورەترین ئابووریی یەکێتیی ئەوروپایە، لە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی ئەم دواییەدا، حزبە ڕاسترەوەکان سەرکەوتنی بێوێنەیان بەدەست هێنا و هاوپەیمانیی ناوەندگەرای سەرۆکوەزیران، ئۆلاف شوڵتز، شکستی بەخۆیەوە بینی؛ بەم پێیە بژاردەی هاتنەسەردەسەڵاتی ڕاسترەوەکان لە ئەڵمانیاش لەسەر مێزە.